## شوان ئەحمەد :

# ئەوەی ئەمڕۆ بۆتە زمانحاڵی ئیسلام ئەو هێزە فێندەمێنتالیستە پەڕگیرانەن کە ئیسلامیان کردۆتە دینی جەنگاوەران

ئا - یاسین عومەر

**لەدوای یانزەی سێپتەمبەرەوە ئایین و کایەی ئایینی زۆر بەقورسی هاتوونەتەوە مەیدانی لێدوان و قسەلێکردن و نووسین لەبارەیانەوە، هەنووکە ئایین و بوارەکانی پەیوەند بە ئایینەوە زۆرترین قسەیان لەبارەوە دەکرێت و زۆربەی زۆری بیریار و فەیلەسوف و نووسەرەکان و تەنانەت سینەما و تەلەفزیۆنیش بەرە و ئەم کایەیە ڕووگەیان گۆڕیوە و کاری لەسەر دەکەن، ڕەنگە دیارترین ئەو پرسیار و پرسانەی دەربارەی ئایین دەکرێت بریتی بێت لە شوێن و پێگەی ئایین لە دنیای نوێدا و پەیوەندی بە پرۆسەی تازەکردنەوەی کۆمەڵگاکان و ئەو گرفتانەی کە ئایین بۆ ئەم پرۆسەیەی دروستدەکات. هەندێك لەو پرسیارانەمان ڕووبەڕووی ڕۆشنبیر و نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا کاك** شوان ئەحمەد **کردەوە، ئەم پرسیار و وەڵامانەش وەکو ئەوەی خوارەوە کەوتنەوە.**

**پرسیار : نوێگەری لە پەیوەندی بە ئایینەوە دەکەوێتە کوێوە ؟ با ڕوونتر بپرسم گەر لە شارێکی گریمانکراودا پرۆسەی نوێگەری بخەینە گەڕ، ئایین چۆن مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێت ؟**



وەڵام : لە بەراییەکانی قۆناغی ڕێنیسانسەوە تا ئەمڕۆ، پەیوەندی نێوان نوێگەری و ئایین مەسەلەیەك بووە، شوێن قسە و باسی زۆری نووسەران و لێکۆڵیاران بووە.. ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پرکێشییەکی زۆری ئایین و دەسەڵاتی ئایینی هەبووبێت بۆ لە قاڵبدانی ژیان و قوتدانی کایەکانی تر لەلایەن کایەی ئایینەوە، ئەوا لەقۆناغی دواتردا کە قۆناغی مۆدێرنەیە، هەوڵێکی بێوچان هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەکان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی خەریتەیەکی نوێ بۆ ژیان... لەم سەروبەندەدا مۆدێرنە ئەو وانەیەمان پێدەڵێت کە زیندەگی نابێت تەنهاوتەنها کایەی ئایینی پاوانی بکات و دەسەڵاتی دەق تاکە قسەکەربێت، بەڵکو لەپێناو حورمەتگێڕانەوە بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ و هاوکات بۆ خودی ئایین خۆیشی، پێویستە ئایین وەکی کایەیەك لە کایەکانی ژیان سەیر بکەین و دەستی کورتبکەینەوە لەوەی کە باقی ڕووبەر و پانتاییە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ژیان پایەماڵ بکات. واتە لەقۆناغی مۆدێرنەدا مرۆڤ بە هەستێکی ڕەخنەگرانەوە، دەستدەکات بە سەرلەنوێ پشکنینی جەوهەر و ماهیەتی شتەکان و دیاریکردنی پێگەی تایبەت و دیاریکراوی دیاردەکان، لێرەشدا مۆدێرنە برێکی زۆری هێز وتوانای خۆی لەپێناو دیاریکردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئایینیندا بەخەرجدەدات، چونکە بیرمان نەچێت کە هەوڵی ڕابوون و نوێبونەوە لەسەرەتاکانی سەدەی شانزەدا، بەرەنجامی ئەو قەیران و بنبەستە بوو کە ئایین و دامەزراوەی ئایینی پێیگەیشتبوو.. ئەگەر لەجۆر و چۆنیەتی مامەڵەی ئایینیش بپرسین لەسەردەمی نوێگەرییدا، ئەوا پێویستمان بەوە نییە لە شارێکی گریمانەکراودا مەزەندەی ئەو حاڵەتە بکەین، لەبەرئەوەی بۆماوەی زیاد لە چوارسەدەیە ئێمە بە واقیعی کلێشەی ئەو پەیوەندی و جۆری مامەڵەکردنەمان لەبەرچاوە و ڕۆژانە تەماسمان لەگەڵییدا هەیە و ئەزموونی دەکەین... نوێگەری کە دێت لەیەك کاتدا دەیەوێت وەك چۆن شکۆ و ڕێز بگێڕێتەوە بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ، ئاوەهاش لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی حورمەت ببەخشێتەوە بە ئایین و بە

کایـەی رۆحـی، ئـەو پرۆسـەی لێکجیاکردنەوەیەی دەسەڵاتی دنیایی لە دەسـەڵاتی ئاسمـانی « **واتـە دیـن لـە سیاسـەت** » ، دەسـپێکی حورمەتگێڕانەوەیـە بـۆ ئـایین و ژیـان. بەپێچـەوانەی بۆچـوونی هەنـدێك کۆنسـێرڤاتیف و تـاریکخواز و ئـەنتی مۆدێرنـەوە، هیچکات پـرۆژەی مۆدێرنـە کـاری لەسـەر سـڕینەوەی ئـایین و تـەرێزکردنی کایـەی رۆحـی نـەکردووە، ئەوەنـدە نـەبێت کـە مەوقیعیـەتی راستەقینەی ئایینی دیاریکردووە و کۆی پانتـایی ژیـانی نەخستۆتە ژێـر ڕکێفـی دەسەڵاتی ئـایین و پیاوانی ئاییینیـەوە .. لێرەشدا دەبێـت بـاس لـەوە بکـەین کـە ڕەنگـە لـە بەراییـەکانی مۆدێرنـە و یەکلاییبوونـەوەی ململانێـی رۆشنگەران لەگـەڵ فێنـدەمێنتالیزمی ئایینیـدا، جۆرێـك مامەڵـەی زبـر و ناچـیز هـەبووبێت، بـەڵام بەوپێیـەی مۆدێرنـە پرۆژەیـەکی ڕەخنەییـە و بـەردەوام لـە فەحسـکردنی میکـانیزمی کـارکردن و هەنگاوەکانی خۆیدایـەتی، ئـەوا هـەر زوو کەوتـە گـۆڕین و دەسـتکاریکردنی ئـەو جـۆرە سیاسـەت و مامەڵەیـە و پەیوەندییـەکانی خستەوە سـەر دۆخـی ئاسـایی خۆیـان. ئـەمڕۆ لـە دنیـای مۆدێرنـدا ئـایین و کایـەی رۆحـی وەکـی خۆیان سەودایان لەتەکدا دەکرێت، وەکـی کایەیـەك لـە کایـەکانی زینـدەگی سەیردەکرێن، نە بـۆ کـەس هەیـە دەست لـە کاروبـاری ئـایینی وەربـدات و نـە ڕێگـەش بـە پیـاوانی ئـایینی و ئـەهلی ئیمانیش دەدرێت دەسکاری هەندەسەی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـە بکـەن و دەسـت وەربدەنە کاروباری ژیان و هەڕشە بن بۆ سەر ئازادی مافە شەخسییەکانی هاوڵاتییان.

**پرسیار: ئـەو ئاسـتەنگانەی ئـایین بـۆ نوێگەرییان دێنێتە پێشەوە چین ؟**

وەڵام : پێموایە ئـەوەی وادەکات ئایینێك ببێتـە ڕێگـر و کۆسـپ لەبـەردەم نوێگەرییـدا ئـایین خـۆی نییـە، بـەڵکو جـۆری ئـەو تەفسـیر و لێکدانـەوە و خوێندنەوانەیـە کـە بـۆ ئـەو ئایینـە دەکرێن، واتە مامەڵەی ئەو نوخبەیەی بەناوی ئایینـەوە قسە دەکات، دەتوانێت جـۆری پەیوەنـدی ئایینمـان بـە نوێگەرییـەوە بـۆ ئاشکرا بکات ... ئێمە گەر بـە بەشێوەیەکی موشەخەستر قسە لەم مەسەلەیە بکەین، چاکتر وایـە ئاوڕ لـە مێـژووی ئیسـلام بدەینـەوە .. بەبۆچـوونی کەسـانی وەك « **محەمـەد ئەرکۆن** » و « **نەسر حامد ئەبوزەید** » و « **مالك شبل** » و « **فەرەیدون هوەیدا** » و « **ئەدۆنیس** » و « **عەزیز ئەلعەزمە** » و ... هتد، ئەوەی وایکردووە ئیسلام وەك ئاسـتەنگێکی بـەردەم پرۆسـەی نوێبوونـەوە بناسـرێت، لەڕاسـتییدا پەیوەنـدی بـەو داکشـانەوە هەیـە کـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی کلاسـیکی دووچاری هات و بەسەرکەوتنی حەنبـەلی و ئەشعەرییەکان بەسەر موعتەزیلەکانـدا کۆتـایی هـات . بیرمـان نەچـێت موعتەزیلەکانی وەك « **واصل بن عطـاء** » و « **أبو هذيل العلاف** »، یەکەمین کەسێك بوون پرانسیپی بەپرسیارێتی فـەردی و شەخسـیان لـە ئیسـلامدا چەسـپاند و بەشـێوەیەکی ئـەقلانی کەوتنـە تەفسیرکردنی ئیسلام، ئەمـەش بـۆ خـۆی گـۆڕانێکی چـۆنایەتی مـەزن بـوو، گـەر چانسی بـەردەوامێتی هەبوایـە، بێگومـان هـەم ئیسلام وەك ئـایین و هـەم گـەلانی موسوڵمانیش هەنووکە مێژوویەکی دیکە دەژیان .. مێژووی کرانەوە و سەوداکردن لەگەڵ شارسـتانیەت و دنیـای مۆدێرنـدا، نەك مێژووی داخران و خۆخواردنـەوە و گـەورەکردنی ڕق ، بەرامبـەر ژیـان و مرۆڤایەتی .

**پرسیار: ئایـا نوێگەرییـەك هەیـە بـەبێ قسەکردنێکی قوڵ و هەمەلایەن لەسەر ئایین سەر بگرێت ؟**

وەڵام : ئێمـە مادامـەکی لـە دنیایـەکی واقیعییـدا دەژیـن، ناچـارین بـۆ هـەموو مەسـەلەیەك چـاومان لەسـەر ئـەو ئەزموونانـە بێت کە لەمێـژوودا هـەن .. یـەکێك لـەو ئەزموونـە گـەورە و دەوڵەمەندانەی ئەمڕۆ لەبەردەستدایە و لـە ئـەزموونێکی لۆکـاڵی و کلتـووری تایبەتەوە بۆتە مۆدێلێکی یۆنیڤێرسالی و جیهانی، مـۆدێلی نوێگـەری خۆرئاوایـە .. وانەیەك لەمێژووی نوێگەری خۆرئـاواوە فێری ببین ئەوەیە کە سـەرەتای هـەموو پرۆژەیـەکی نوێگـەری، پێویسـتە بـە ریفۆرمێکی ڕاستەقینەی ئایین و گوتـاری ئـایینی دەسـت پێبکـات، پرۆژەیـەکی وا دەخوازێـت قسـەکردنێکی قـوڵ و هەمەلایـەن لەسـەر ماهییـەت و دەقـی ئـایینی بێتـە ئـارا .. مەزنـە فەیلەسوفی ئەڵـمانی « **فـردریش نیچـە** » لـە شـوێنێکدا دەڵێـت " **لۆسـەر بـاوکی ڕاسـتەقینەی مۆدێرنـەی خۆرئاوایـە** " . لەڕاسـتییدا ئـەم بۆچـوونەی « **نیچـە** » تەعبیرە لەوەی ئەوەی نوێگەری خۆرئـاوا مەیسەر دەکات، ئەو ڕیفۆرمە قوڵەیە کـە « **مـارتن لۆسـەر** » لەڕێگـەی بزوتنـەوەی چاکسـازی ئایینیـەوە دروسـتیدەکات و قسەکردنێکی هەمەلایـەن لەسـەر ئـایینی مەسیحی و دامەزراوەی کڵێسا دێنێتە ئارا . « **نیچـە** » کـە دێـت و چـاوپۆشی لـە « **دیکارت** » و « **بیکۆن** » و « **کیپلەر** » و .. هتـد ، دەکـات و « **لۆسـەر** » وەك سەرمەشـقی مۆدێرنـەی ئـەوروپی دەناسێنێت، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەمـە نوێبوونـەوە تازەگـەری ڕاسـتەقینە بـەبێ چاکسـازی ئـایینی مەیسەر بێت، ئەمەش ئەو شتە بـوو کـە « **لۆسەر** » لە جیهانی خۆرئاوادا کـردی . چاکسـازییەکانی « **لۆسـەر** » لـە ئـایینی مەسیحییدا بووە چراوگی دەستی بیریـار و فەیلەسـوفانی دوای خـۆی، تـا بتـوانن ڕێگای پێڕۆشـن بکەنـەوە و دڕ بـەتاریکی بدەن .. لەدنیای ئێمەشدا کە قسەوباس

لەپرۆژەیەكی وەك نوێگەری دەكرێت، هەمیشە بێدەنگی لەوە دەكرێت كە ئایین و مەسەلەی ئایینی بهێنرێتە بەر باس، واتە بەردەوام مەسەلەی ریفۆرمی ئایینی فەرامۆشدەكرێت، ئەمەش وادەكات كە لەبری نوێگەری زیاتر وەهمی نوێگەریمان هەبێت و كۆی ئەو پرۆژانەش بەشێوەیەكی كۆمیدی كۆتاییان بێت. لە دوایین چاوپێكەوتنی « جۆرج تەرابیشی »یدا لەگەڵ پاشكۆی رۆشنبیریی رۆژنامەی « النهار »ی لوبنانییدا مەرجی داخڵ بوون بە نوێگەری دەرگیری كۆمەڵێ مەسەلە دەكات، لەوانە :

- بەرۆحانیكردنی ئایین .
- شۆڕشێكی تیۆلۆژی .
- هاتنە ئارای « لۆسەر »ێكی موسوڵمان .

بەكورتییەكەی هەموو پرۆژەیەكی نوێگەری ڕاستەقینە بە ریفۆرمی ئایینی و قسەكردن لەسەر ئایین دەستپێدەكات، گەرنا ئەوەی دەیكەین نوێگەری نییە، بەڵكو بریتییە لە درۆزنە نوێگەری .

**پرسیار : ئێمە هەمیشە لە پەیوەندی بە نوێبوونەوەوە ئایین وەكو ڕێگرێك تەماشا دەكەین، ئایا ناكرێت لە پرۆسەی خوێندنەوەیەكی ناوەكییدا بۆ ئایین، ئایین كە جەوهەرێكی مەیلە و نەگۆڕو چەقبەستووی هەیە بگۆڕینە سەر پاڵپشتێكی نوێبوونەوە و نوێخوازان ؟ ئەگەر ئەمە شیاوە چۆن ؟**

وەڵام : من تەواو لەگەڵ ئەوەدام كە دەكرێت ئایین بگۆڕینە سەر پاڵپشتێكی نوێبوونەوە و باوەشكردن بە ژیاندا، لە جەوهەرێكی دۆگما و مەرگدۆستەوە بیگوازینەوە بۆ رۆحێكی كراوە و تۆلێرانس، بەلام ئەوەی هەیە لە مێژووی ئیسلامدا ئەوەیە هەمیشە هێزگەلێكی كۆنسێرڤاتیڤ و دۆگما هەبوون كە هەموو پرۆسەیەكی خوێندنەوەی ناوەكییان بۆ ئایین پەكخستووە و فەزایەك لە ترس و تۆقاندنیان دروستكردووە ... هەموومان دەزانین مێژووی ئایینی ئێمە مێژوویەكە تا هەنووكەش خوێنی لێدەچۆڕێت، تا هەنووكەش قانگدراوە بە بوغز و ڕق و كینە و داخران و ئافەرۆزكردنی بیروڕای جیاواز ... بڕوانە چارەنووسی « **حەللاج و سەهرەوەردی و عەلی عەبدولڕەزاق و ئیبن روشد و نەصر حامد ئەبوزەید** » . لەكۆتایی ئەم سەدەیەدا من و تۆ و هەموو هاوتەمەنەكانمان تراژیدیای قەڵەمێكمان بینی كە لەسەر پرۆسەی خوێندنەوەیەكی ناوەكی بۆ ئایین، لە وڵاتی خۆی شاربەدەركرا و ناسنامەی موسوڵمانبوونی لێسەندرایەوە و بڕیاری ئەوەی لەسەردرا كە دەبێت هاوسەرەكەشی لێیجیابێتەوە، كەسی خوێندەوار و بەویژدان و ئیمانداری رۆشنگەر، هیچ گومانی لە نیازپاكی و خەمخۆری پیاوێكی وەك « **د. نەصر حامد ئەبو زەید** » نییە، بەلام ئەوەش چارەنووسی، نە دەوڵەت و نە دەزگایەكی زانستی و ئەكادیمی وەك زانكۆ و نە شەقامی ئیسلامی، هیچیان داكۆكییەكی ئەوتۆیان لێنەكرد و سەری خۆی هەڵگرت بەرەوخۆرئاوا. ئەو دەستەی لەو پیاوەی دا و قەڵەمەكەی لەسەر زەمینی ئیسلام وەدەرنا، تەنها مەبەستی چاوترساندنی « **ئەبوزەید** » نەبوو، بەڵكو پەیامێك بوو بۆ هەموو ئەوانەی وەك ئەو بیردەكەنەوە و خەتەرەی شتێكی وا بەدڵیاندا دێت. ئەو هێزانە ویستیان هێڵە سوورەكان نیشانی هەموومان بدەن. ئەمڕۆش هەموو هەوڵێك بۆ ئاشتكردنەوەی مۆدێرنە و ئایین و بۆ خوێندنەوەیەكی ناوەكی ئایین مەحاڵە، چونكە ئەوەی ئەمڕۆ بۆتە زمانحاڵی ئیسلام ئەو هێزە فێندەمێنتالیستە پەرگیرانەن كە ئیسلامیان كردۆتە دینی جەنگاوەران و لە پای جیهادی باسك و بازوودا، هەموو جیهادێكی فیكری و ئەقلانی و شێلگیرانەیان نابووتكردووە.

**پرسیار : دوای ئەوەی كە پرۆسەی نوێگەری دەكەوێتە سەر پێیەكانی خۆی، ئایین چۆن مامەڵەی لەتەكدا دەكرێت ؟ فەرامۆشدەكرێت یاخود سەرلەنوێ وەزیفەی پێدەدرێتەوە ؟**

**وەڵام** : پێموابێت لە پرسیارێكی پێشووتردا كەم تا زۆرێك وەڵامی ئەم پرسیارەم دابێتەوە .. بەلام دەكرێت لێرەشدا هەندێك شتی دیكەش دەرهەق بەو مەسەلەیە بڵێم.. لەڕاستییدا لە دنیای مۆدێرندا ئایین فەرامۆشناكرێت و پەراوێزناخرێت، بەڵكو جارێكیتر و بەپێی مەوقیعیەتی خۆی رۆڵی پێدەدرێتەوە ... نموونەی یەكیەتی سۆڤێتی جارانی لێدەرچێت كە لەژێر ئایدۆلۆژیایەكی تۆتالیتاری ماركسی ــ لینینییدا، هەموو دەرگاكانی خۆی بەرووی رۆحانییەت و ئایینیدا داخست بوو، نموونەیەكی تر شك نابەین كە هەمان هەڵوێستی لە ئایین وەرگرتبێت . ئێمە وەكی « **ئەریك فرۆم** » پێماندەڵێت " **شارستانیەتێك شكنابەین بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی كە بەبێ ئایین گوزەراندبێتی** " لەمڕۆشدا كە دنیای مۆدێرن و پۆستمۆدێرن و سبرنیتیكە، كلتوور و شارستانییەتێك شك نابەین كە تەرێزی لە ئایین كردبێت و سەنگەری لە رۆحانییەت گرتبێت. ڕەنگە لێرە و لەوێ هەندێك هێز ولایەنی سەلەفی بۆ ناشیرینكردنی خۆرئاوا و دەستكەوتەكانی مۆدێرنە، پروپاگەندەی ئەوە بلاوبكەنەوە كە نوێگەری واتای ئیلحاد و فەرامۆشكردنی ئایین دەگەیەنێت، یان پێمانبڵێن هەموو نوێبوونەوە و دەستبەرداربوونی ڕابووردوو هاوتای خزانە بۆ ناو عەدەمییەت و بێئەخلاقی، بەلام ئەمانە جگە لە بوهتان و درۆی بێبناغە شتێكی تر نییە، لە دنیای مۆدێرندا ئایین كەنارگیر ناكرێت بەڵكو

وەزیفە و ڕۆڵی جاران ناگێڕێت ، ئەخلاق و مۆڕاڵ بارناکەن، بەڵام فۆرمێکی دیکەی ئەخلاق دێتە ئارا کە جیاوازە لەو نۆرم و ئەخلاق و بەهایانەی کە لە قۆناغەکانی دیکەدا لە ئارادا بووە . بەداخەوە لەناو ڕۆشنبیریی ئێمەدا ئەو دەنگە زۆر زاڵە کە نابوتکردنی ئایین و بەها و ئاکار و ژیاندۆستی و ڕێز و حورمەت دەخاتە ئەستۆی پرۆژەی مۆدێرنە، ئەمەش سەرچاوەکەی یان بێئاگاییە یاخود گرێیەکی سایکۆلۆژی خاوەنەکەیەتی ...

**پرسیار : لە دنیای نوێدا ئایین وەزیفەی چییە و سروشتی وەزیفەکەشی چۆنە ؟**

وەڵام : لە دنیای نوێدا ئایین لەوە دەکەوێت پاوانی هەموو شتەکان بکات بۆ خۆیی و تێکڕای دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە، لەوە دەکەوێت ببێتە بارێکی قورس و گران لەسەر شانی ئینسانەکان، دەستی کورتدەکرێتەوە لەوەی ژیان لە عادەتێکی خۆش و پاراوەوە بگۆڕێت بۆ سەرزەمینێکی نەفرەتلێکراو، واز لەوە دێنێت بێتەناو یەکەیەکەی کۆمەڵگا و ناخ و دەروونی یەکەیەکەی هاوڵاتیان بپشکنێت. بەکورتییەکەی لەقۆناغی مۆدێرنەدا ئایین ڕۆڵە سروشتییەکەی خۆی دەگێڕێتەوە کە بریتییە لە پەیوەندی مرۆڤ بە خالقی خۆیەوە ، ئایین هەموو بوعدە میتافیزیکی و ڕۆحانی و ئەخلاقی و ئینسانییەکانی چنگدەکەوێتەوە، چونکە لەوە دەکەوێت کە دامەزراوەیەکی سەرکوتکەربێت و ئایدۆلۆژیایەیەك بێت لەسەر شکاندنی حورمەتی ژیان و مرۆڤ ئیشبکات .

**پرسیار : لە پەیوەندی بە نوێگەرییەوە ئایینە جیاوازەکان چۆن مامەڵە دەکەن، ئایا ئاینێك هەیە سەبارەت بە نوێگەری سروشتێکی تایبەتی هەبێت ؟**

وەڵام : ئەگەر ئێمە قسە لەسەر ئایینی ئیسلام و مەسیحی و یەهودی بکەین، دەبینین هەرسێکیان لە بنەڕەتدا چ لەڕووی مێژووی و چ لەڕووی ڕۆحییەوە بەرەچەڵەك دەچنەوە سەر ئیبراهیمییەت، واتە هەرسێکیان ئیبراهیم بە دەسپێك و سەرچاوەی هاوبەشی نێوانیان دەزانن و وەحی و پێغەمبەرایەتی بونیادی هاوبەشی نێوان هەریەك لە ئیسلام و مەسیحییەت و یەهودییەتە .. لێرەوە پێموانییە هیچیەك لەو ئاینانە سەبارەت بەنوێگەری سروشتێکی تایبەتییان هەبێت و بەشێوەیەکی جیاوازتر سەودا لەگەڵ مۆدێرنەدا بکات .

ئەوانەی پێیانوایە تەنهاوتەنها مەسیحییەت دەتوانێت سەودا لەگەڵ مۆدێرنەدا بکات و لەگەڵ عەلمانیەت و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییدا هەڵبکات، یان چەند خۆرهەڵاتناسێکی کورتبینن یاخود هەندێك سیاسەتمەداری خاوەن بەرژەوەندیین یان ئەو ئیسلامییە دۆگماتیست و توندڕەوانەن کە دەیانەوێت ئیسلام وەك نەیاری سەرسەختی مۆدێرنە و کرانەوە نیشانبدەن و دنیای ئیسلام لە هەموو دەستکەوتە مەعنەوییەکانی جیهانی نوێ دابڕن ... ئەوەی وادەکات مەسیحیەت لەگەڵ دنیای مۆدێرندا ئاشت بێتەوە، پەیوەندی بە جەوهەری مەسیحیەتەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕۆڵی ئەو نوخبە کۆمەڵایەتی و سیاقە مێژووییەوە هەیە کە چاکسازی ئایینی و ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری بەرهەمهێنا، لەبەرامبەریشدا کە تا هەنوکە ئیسلام لەگەڵ پرۆژەی نوێگەری لەگیروگازدایە، دەگەڕێتەوە بۆئەو جمودە فیکریی و زیهنییەی لەدوای موعتەزیلەکانەوە لەجیهانی ئیسلامییدا باڵادەتسە .

**پرسیار:ئایینی ئیسلام لەکوێی نوێگەری و نوێبوونەوەدایە؟گرفتە تیۆرییەکانی نوێگەری لە پەیوەندی بە ئیسلامەوە چیین؟**

وەڵام : پڕئاشکرایە لەچارەکە سەدەی ڕابووردوودا پرۆژە فیکری و مەعریفییەکەی هەریەك لە (( **نەصر حامد ئەبوزەید** )) و (( **محەمەد ئەرکۆن** )) بەشێکی زۆری تەرخانبووە بۆ قسەکردن و ئاشکراکردنی گرفتە تیۆرییەکانی نوێگەریی لەپەیوەندی بە ئیسلامەوە .. هەریەك لەوانیش تەئکید لەوە دەکەنەوە کە پێویستی سەرەکی ئەوەیە دنیای ئێمە خۆی لەدەست دەسەڵاتی تێکست قوتاربکات، بۆئەوەی دەسەڵاتی ئەقڵ سەروەر بێت .. ئەمەش ئەو شتەیە کە بەردێژایی چەندین سەدە هێزە کۆنسێرڤاتیف و سەلەفی و جیهادییەکان دژایەتی دەکەن و وەك بیدعەکاری و کوفر و گومڕاییەکی گەورە سەیری دەکەن .

**پرسیار : لەجیهانی مەسیحی لە خۆرئاوا و لەدنیای بودیزم لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تەنانەت لە ئیسرائیل کە دیانەتی یەهودی شوناسە، نوێگەری بە ستایلی جوداجودا جێپێی خۆی قایمکردووە، تەنها لە دنیای ئیسلامدا نەبێت، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟ ئایا ئاستەنگەکە لە خودی ئیسلامدایە بەوەی جەوهەرێکی ئەنتی مۆدێرنیزاسیۆنی هەیە، یان**

**گرفتەکە لە پەیڕەوکەرانی ئەم ئاینەدایە؟**

وەڵام : بێگومان ئەمە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵات و هەیمەنەی ئەو ئەقڵیەتە ئەرسۆدەکسیەوە هەیە کە لەساتەوەختی ئاوابوونی ئاقاری موعتەزیلەوە، لەدنیای ئیسلامدا لە ئارادایە و ڕێگرە لە هەموو ئیجتیهاد و نوێبوونەوە و کرانەوەیەك کە ببێتە مایەی ئاشتکردنەوەی ئیسلام لەگەڵ مۆدێرنەدا. من بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێك لە ئۆرێنتالیسەتەکان و ئەوانەی حوکمی ناڕەوا بەسەر ئیسلامدا دەدەن، پێموایە گرفتی سەرەکی لەپەیڕەوکەرانیدایە نەك لە خودی ئیسلامدا بێت، بۆ نموونە ئەگەر هەوڵی موعتەزیلە و کەسانی وەك (( **ئیبن ڕوشد** )) و (( **فارابی** )) و (( **ئیبن سینا** )) و (( **ئیبن توفەیل** )) و (( **ڕازی** )) و (( **تەوحیدی** )) و(( **موعەڕڕی** )) بەردەوام بوایە، مێژوویەکی تر دەژیاین و بەشدارییەکی فیعلیمان لە کاروانی شارستانیەتی مرۆڤایەتییدا دەبوو، بەڵام کاتێك ئەو هەوڵانە شکست دێنن و هەر لەسەرەتاوە زیندە بەچاڵدەکرێن، سەرەنجامی بەوە دەشکێتەوە کە ئەمڕۆ دەیبینین . ئەویش ئەوەیە ئیسلام بۆتە ئایینی جەنگاوەرە خۆکوژەکان ، ئیسلام بۆتە ئایینی تیرۆر و کوشتنی ژیان، سەرزەمینی ئیسلام بۆتە لانکەی بوغز و گەورەکردنی ڕق و سڕینەوەی بەرامبەر، ئەمڕۆ ئیسلام بۆتە ئیسلامی (( **بن لادن** )) و (( **زەرقاوی** )) و (( **ڕەمزی بن شیبە** )) ، نەك ئایینی خۆشەویستی و بونیادنان و تەسەللادانی ڕۆحەکان .